www.kurdistannet.org
6-3-2003 23:43

The Center of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
( C.H.AK )

The Center of Halabja
Nawendî Helebce
ناوەندی هەڵەبجە – مرکز حلبجة
C.H.A.K چاك

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
cînosaydî gelî Kurd
مرکز حلبجة
لمناهضة انفلة وابادة الشعب الكردي

E-mail: antigenocide@hotmail.com

ناوەندی هەڵەبجە دژبە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد- چاك
Tele-Fax: 0061296100010, 0031152129446, 0035897260062:تەلەفۆن / فاکس

---

# سەبارەت بە ڕاگەیاندنەکەی (ی ن ك) دەربارەی خۆپیشاندەرانی زانکۆ

هەروەك لە ژمارە ( ٣٠٠٠) ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ( ١. ٣. ٢٠٠٣) دا بڵاو کراوەتەوە، وتەبێژێك بە ناوی مەکتەبی سیاسی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) ەوە کۆمەڵێك لە بەشدارانی خۆئیشاندانەکەی شاری (سلێمانی) ، بە گێرەشێوێن و هەلپەرست و نامەسئوول ناوزەد کردووە. هەروەها یەکێك لە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە کە ناوی (ئەبو بەکر حەسەن) ە، بە هەمان ئەو بیانووانەوە لەلایەن دەسەلاتدارانی شاری سلێمانییەوە گیراوە و چارەنووسی دیار نییە.

لە کاتێکدا دەبووایە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەك لایەنێکی سەرەکی، ڕابەرایەتی خۆپیشاندانی مەزنتری بکردایە لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیدا و بەم شێوەیەش کوردستان ببووایە بە گۆڕەپانێکی یەکگرتووی نارەزایەتی لە دژی سوپای تورکیا بۆ پووچەڵکردنەوەی پلانەکانی داگیرکەران، کەچی نەك هەر ئەمەی نەکردووە بەڵکو دەنگی نارازیەتی سەربەخۆی جەماوەریش لەم بووارەدا بە شێوازی جۆراوجۆر کپ دەکات و مۆری گێرەشێوێنیان لێ دەدات.

ئێمە لە کاتێکدا خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی کە ئەو خۆپیشاندانەیان ساز کردبوو و بەشدارانی تری ئەو خۆپیشاندانەش بە کەسانی نیشتیمانپەروەر و بەرگریکەرانی ڕاستەقینەی خاك و گەلی کوردستان دەزانین و پێمان وایە هەڵوێستەکەیان شاینی ڕێز و پێزانینە لە لایەن هەمووانەوە، لە هەمان کاتدا نارەزایەتی توندی خۆمان بەرامبەر بەو ڕاگەیاندنە و بەندکردنی خۆپیشاندەران دەردەبڕین.

لە کاتێکدا کە گەلەکەمان ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە بووەتەوە و چارەنووسی گەلی کوردستان هەڕەشەیەکی توندی لێ دەکرێت، مافی هەرکەسێکە و بگرە ئەرکی سەر شانیشیەتی لە دژی ئەم هەڕەشەیە بووەستێتەوە.

چاك

٥. ٣. ٢٠٠٣